# مەترسییەکانی سوپای تورکیا کەم نەبووە !

# بەرەو خۆ چەکدارکردن و بەرگری!

چەند گومان لەوەدا نەماوە کە ئەمریکا بە هەموو نرخێك جەنگەکەی دەکا، ئەوەندەش گومان لەوەدا نییە کە تورکیا لەشکرکێشییەکەی لە دژی کوردستان دەکا. لەم بەینەشدا، مەحاڵە، ئەمریکا بەرەی جەنگ لە دژی تورکیای هاوسەنگەری بکاتەوە.

لە راستیدا، هەڵویستی ملهوڕانەی تورکیا، رەنگدانەوەی سیاسەتی شەڕئەنگیزانەی ئەمریکایە لە ناوچەکە. بەبێ سیاسەتی ئەمریکی ونەخشەکانی، تورکیا نەیدەتوانی ئەوەندە بەو لووت بەرزی و چاوچنۆکییەوە پلان و نیازەکانی بۆ لە گۆڕنانی ئەزموونی کوردستان دەربڕێ و بە کردەوە پتر لە ٤٠٠٠٠سەرباز بۆ لەشکرکێشییەکەی ئامادە بکات. ئەگەر ئامانجی تورکیائەوە بێ رێ لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بگرێ، ئەوا زمان و قەڵەمی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی کول بوو، ئەوەندە دووپاتی ئەوەیان کرد کە نیازی وایان نیە و بۆ عیراقێکی دیموکراسی، سکولار و فیدراڵ تێدەکۆشن. بەپێچەوانەوە، تورکیا بە درێژایی چەند مانگی رابردوو، دەیان جار دووپاتی مافی مێژوویی لە موسل و کەرکوك کردووەو چەندین بیانووی تر بۆ دەستدرێژییەکەی هێناوەتەوە.

رێنەدانی پەرلەمانی تورکیا بە هاتنی ٦٠هەزار سەربازی ئەمریکی بۆ وەڵاتەکەیان، هیچ لە مەترسییەکان لەسەر خەڵکی کوردستان کەم ناکردووەتەوە. بە پێی دوو وتار لە رۆژنامەی( یونگە ڤێلتی ئەلمانی و ئەلزەمان لە ٣/٦) حلمی ئۆزکوك سەرەك ئەرکانی سوپای تورکیا کە ناوەندی حەقیقی دەسەڵاتە لە وەڵاتەکەی ووتی: (ڕەنگە کردنەوەی بەرەیەکی تر لە باکوور، کۆتاییهێنان بە جەنگ خێراتر بکا و لە ئازارو قوربانییەکانیشی کەم بکاتەوە...).

کە واتە:

١/ تورکیا لەگەڵ یا بەبێ ئەمریکای هاوسەنگەری، لە حاڵەتی جەنگ، لەشکرەکەی بۆ کوردستان بەرێ دەخا! ئەم بڕیارەش بەبێ ئاگاداری ئەمریکا بەڕێوەناچێ. تا رێککەوتنە نهێنییەکانی نێوانیشیان ئاشکرا دەبێ، نیوسەدەی لەسەر تێدەپەڕێ!

٢/ ئەمریکا خۆی لە گلەیی، توانج و هەڵویستی دژایەتی ئەوانەی پشتیان پێ بەستووە، دەدزێتەوەو کەسیشیان ناتوانێ بڵێ"ئەمجارەیش ئەمریکا پشتی بەرداین"، ئەوە نییە، تورکیا رێگای بە هاتنی سوپای ئەمریکا نەدا. بەڵام ئەمەش لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، جێی پرسیار و گومانن: أ- ئێستایش١٠پاپۆڕ لە گەل ٣٠٠٠٠سەربازی ئەمریکی لەبەرامبەر بندەرەکانی تورکیا لە دەریای سپی، چاوەڕوانن، تورکیا بڕیارەکەی بگۆڕێ. ب- سەرانی ئەمریکاو تورکیا پەیتا پەیتا دووبارەی ئەوە دەکەنەوە، کە هەڵویستی پەرلەمان، هیچ کارێکی نێگەتیڤانە ناکات لەسەر پەیوەندی هەردوو وەڵاتی ئەندامی ناتۆ و دۆست.

هێشتا لە نووسینی ئەم ووتارە نەبوومەتەوەو وەك لەپێشەوەش پێشبینیم کردووە، هەواڵی دەرچوونی ٤٠شاحینەی ئەمریکی لە بەندەری ئەسکەندەرۆنەوە بەرەو شارۆچکەی(قزل تەپە)م خوێندەوە. ئەم شاحینانە بەشێکن لە ١٠٠٠شاحینە و چەندین پاپۆڕی ئەمریکی لە دەریای سپی. بە پێی ئەم هەواڵە، سەرەك ئەرکانی تورکی خێرا رایگەیاند کە هاتوچووی ئەو شاحینانە لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی تورکیا بەرێوە دەچێ. هەروا بە نهێنی، مافی بەکارهێنانی ٣ فرۆکەخانە بە ئەمریکا دراوە. لەم بەینەشدا، ئۆردوغان ووتی(...ناکرێ ئێمە وەك تەماشاچی راوەستین لە ئاستی ئەو پەرەساندانە کە لە عیراق روودەدا.). هەموو ئەم باروودۆخە تەنها بۆ ئەو راستییە دەمانبات کە سوپای تورکیا بۆ ناو

کوردستان دێ و وەك تۆمی فرانکس(سەرلەشکری ئەمریکی بۆ جەنگ دژی عیراق)دەڵێ: ( ئەمریکا هەوڵ دەدا جەنگ لە نێو چەکدارە کورد و تورکەکان لە باشووری عیراق قەدەغە بکات، بەڵام من نامەوێت پێشبینی ئەوە بکەم، چی لەوێ روو دەدا...).

٣/خۆپیشاندانە ملیونییەکەی خەڵکی کوردستان لەناوەوە و لە دەرەوە، وەڵامێکی مێژوویی بوو بۆ تورکیاو هەموو وەڵاتەکانی تری ناوچەکەو جیهان و لە هەمان کاتیشدا وەڵامێك بوو بۆ ئەو کوردانەش کە لەکاتی فشار و هەڕەشەو مەترسییەکان، پرووپاگەندەی خۆبەدەستەوەدان، سەرشۆڕی و نائومیدی بڵاو دەکەنەوە.

جێگای داخە، لەم قۆناغە مەترسیدار و چارەنووسسازەدا، سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی لەبەر سووتاندنی ئاڵای تورکیا لەلایەن خەڵکی کوردستان کە ترسی هێرشی تورکیا دایگرتوون، داوای لێبووردن لە تورکیا دەکەن و ئەو کارە بە کارێکی بێ ئەخلاقانە لە قەڵەم دەدەن. بەم هەڵویستە دڵساردی لەناو خەڵك دەچێنن و پشت لە جەماوەر دەکەن. بەدڵنیاییوە دەڵێم، ئەو هەنگاوەی پارتی و یەکێتی هیچ لە هەڵویستی تورکیا ناگۆڕێ. ئەمان پێش سووتاندنی پەڕۆ شرەکەیان، هەموو شتێکیان ئامادەکردووە بۆ دەستدرێژی و لەناوبردنی ئەزموونی کوردستان، بۆیە پێویستی نەکرد بەرێز د.بەرهەم بۆ تورکیا سەفەر بکاو بەرێز نێچیر بەرزانی لە پەرلەمانی کوردستان رەخنە لە هەڵویستی خەڵك بگرێ و برایەتی و کاك فەلەکەدین ئەو دوو وتارە بێ سەروبەرە بنووسن. ئێوە بەو راگەیاند و نووسینانە دڵی خەڵتان رەنجاند. دەبوایە هیچ نەبێ بێ دەنگیتان هەڵبژاردبا.

٤/ رووداوەکان، بۆچوون و راگەیاندنەکان بەشێوەیەکی شێتانە تێدەپەڕن و پالاوتنیان بووە بەکارێکی مەحاڵ، بەڵام پاش خوێندنی سەددان ووتار و راگەیاندن، ئەمەی خوارەوە روون و ئاشکرا بووە: **کوردستان دەکرێ بە کۆڕەپانی جەنگ و مەترسییەکان لە هەموو لایەکەوە رووی تێدەکات، بە واتایەکی تر، ئەزموونی گەلەکەمان و دەستکەوتەکانمان گەماروو دراوەو تازە هیچ هەوڵێکی دیبلۆماسی(!) لەگەڵ تورکیا-بەتایبەتی-سوودی نییە. ئەمریکاش سەرەڕای هەندێ قسەی زارەکی، هیچ شتێکی کۆنکرێتی پێ نیە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و بەکردەوە لە سنووری بەرژەوەندی تورکیا دەرناچی. ئێرانیش داوای ئاشتبوونەوەی ئۆپۆزیتسیون دەکا لە گەڵ رژێمی فاشیست.**

**لە دواییدا دەبێ ئەم حەقیقەتە تاڵە بڵێم کە خەڵکی کوردستان تاقە وەڕەقەی لاوازە لە هەموو ئاستەکان، یەك ئاست نەبێ، ئەوەش بەرخۆدانی چەکدارانەیە، بۆیە تەنها رێگای**

**چەکدارکردنی جەماوەرە بۆ بەرگری لە بوونی خۆی و دەسکەوتەکانی!**

**گەر لەم حاڵەتەش ژێر بکەوین، ئەوا داستانێکی پڕ شانازیمان تۆمارکردووە!**

**سەلام عەبدوڵڵا**

**٢٠٠٣/٣/٦**